**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان**
**دڵسۆزان، تێکۆشەران و چالاکوانانی سیاسیی**
**هێزە چەپ و ئازادیخواز و دێمۆکراتەکان**

بەمجۆرە ئاگادارتان دەکەین کە دانیشتنەکانی نێوان کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵە ــ پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان بە مەبەستی یەکگرتن لە چەند مانگی رابردوودا تا ئەمرۆ، قۆناغە گرینگەکانی خۆی تێپەراندووە.
لە دانیشتن و کۆبوونەوەکاندا بە تێرو تەسەلی لە سەر دۆخی سیاسی کوردستان و ئێران و مێژووی سەرکوتکاریی ٣٣ ساڵەی رژێمی ئیسلامیی ئێران، دیالۆگی چڕوپڕمان هەبووە. هاوکات باسمان لە سەرهەڵدانی کۆمەڵە و دۆخی رابردوو و ئێستای کردووە. پێویستی بەهێزکردنی رەوتێکی چەپ، سۆسیالیست و دێمۆکراتمان لە کوردستان، لە هەلومەرجی ئێستادا، خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و، پێمانوابووە خزمەت بەو ئامانجە بۆ بەهێزکردن و سەرخستنی بزاوتی رزگاریخوازی کورد و گەشەپێدانی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەم وڵاتە، ئەرکێکی هەنوکەییە.

هەمووماندەزانین لێکترازانەکانی ناو کۆمەڵە و حیزبە سیاسیەکانی دیکەی کوردستان، بوونەتە هۆی دروستبوونی بۆشایی لە خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. تەنانەت گرفتی بۆ هاوکاریی نێوان هێزە سیاسیەکانیش دروست کردوە. لە سەر ئەو بناغەیە جەختمان نەک هەر لە سەر پێویستیی یەکگرتنی خۆمان و ئامادەگیی تەواومان بۆ هاوکاری، دیالۆگ و یەکگرتوویی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵە کە پڕوایان بە چەپێکی کوردستانییە، بەڵکو لە سەر هاوکاریی و هاوخەباتیی و هەوڵدان بۆ نزیکایەتی زیاتر لە نێوان هەموو حیزبەکانی دیکەشدا کرد و، پێمانوایە دەبێت لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەینەوە.

دیالۆگی راشکاو، شەفاف و هاورێیانەی ئێمە پێکەوە، بە پێی چەندین پرۆتۆکۆل، لە سەر بنەمای هاودەنگیی و هاوپشتی سیاسیمان بووە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان و یەکگرتن و یەکخستنی ریزەکانی کۆمەڵە و بەهێزکردنی هەرچی زیاتری چەپێکی سۆسیالیست و دێمۆکرات. هەر لەسەر ئەم بناغەیە کۆمیسیۆنێکی هاوبەش بۆ یەکخستنی بەرنامە (پرۆگرام) و لۆگۆ، و کۆمیسیۆنێکی هاوبەشی دیکەمان بۆ پێکهاتە و پێرەوی ناوخۆ دامەزراند. لە ئاکامدا بەپێی خەتی سیاسی و فێکری هەردوو لامان، توانیمان لەسەر خاڵە سەرەکیی و گرینگەکان بگەینە سەرئەنجامی شایان.

ئێمە لە رێگای ئەم ڕاگەیاندنەوە خەڵکی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە مەبەستی ڕێککەوتن و بە یەکگەیشتنمان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵەیەکی گەورەیە و بە دڵنیاییەوە هەموو هەوڵی خۆمانی بۆ دەخەینە گەڕ. لە ڕۆژانی داهاتوودا، لە ڕێگای مێدیاکانەوە بە وردیی ئاکامی کۆتایی دانیشتنەکانمان بە خەڵکی کوردستان دەگەیەنین.

هەر لێرەیشەوە سپاس و پێزانینی خۆمان بۆ هەموو ئەو دۆستانە کە ماندوونەناس و لەخۆبردوو هەر لە سەرەتاوە لەگەڵمان بوون و دڵسۆزانە بۆ یەکگرتوویيمان هەوڵیان داوە، دەردەبڕین و دڵنیاین کە وەک هەمیشە لە داهاتووشدا پاڵپشتمان دەبن.

سپاس و پێزانینیش بۆ هەموو مێدیا و راگەیاندنەکان کە لە پێناو ئاگادارکردنەوەی خەڵکی کوردستان و ئێراندا، لە بڵاوکردنەوەی ئەم راگەیاندنەدا دەبنە یارمەتیدەرمان.

**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**کۆمەڵە ــ پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان**
**٢٠١٢/٤/٢٠ بەرامبەر بە ١٣٩١/١/٣٠ هەتاوی**